بەیارەکی مەسرور بارزانی بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر مووچەخۆران دەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە



وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئاشکرای کرد کە لە نزیکترین کاتدا بەیارەکی مەسرور بارزانی سەرکی ئینجووەمنی وەزیران بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر مامەستایان و فەرمانبەران دەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئەمە پێنجشەم رایگەیاند: سەبارەت بە میکانیزمی دابەشکردنی زەوی، هەفتەی داهاتوو لێگەڵ سەرجەم سەرکایەتیەکانی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی شارەوانی و نەخشەدانانی ئاوەدانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کۆدەبینەوە و بڕیارنامەیان پێ دەدەین سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی بەسەر مووچەخۆر و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

ڕاشیگەیاند: هەر کەسێك کە مووچەخۆر و فەرمانبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت جا لە ڕاژەی مەدەنی یان سەربازی بێت، لە بەیاری وەرگرتنی زەوی سوودمەند دەبێت.

ساسان عەونی گوتیشی: لە کاتی کۆبوونەوە لێگەڵ سەرکایەتی و بەڕێوەبەرایەتیە شارەوانییەکان حیساب

بە فەرمانبەرانی گرنگبەست و مامەستایانی وانەبێژیش دەکرێت و بڕیاری دادپەروەری ڕەچاو دەکرێت بۆ ئامانجی خزمەتکردنی سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەو زۆریانەش کە بە دابەشکردن بەسەر مووچەخۆران تۆرخان دەکرێت، وەزیری شارەوانی گوتی کە ڕووبەڕی سەوزایی و فراوانیی شەقام و شوێنی خزمەتگوزاری گشتی لەبەرچاو دەگیرێت.

لە کۆتاییدا جەختیشی کردەوە کە بە باشبوونی توانای دارایی، حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزاری زیاتریش پێشکەش بە هاووڵاتیان و مووچەخۆران دەکات، یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانیش پێشکەشکردنی قەرزی خانووبەرە دەبێت.